کەژاڵ حەمە ڕەشید:

کوردستان یەکێک لەو ناوچانەی دنیا کە بە خۆسووتاندن و خۆکوشتنی ژنان ناسراوە

پەکوتن:
(کەژاڵ حەمە ڕەشید) لە دایکبووی شاری سلێمانییە، لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەستی بە کاری سیاسی کردووە، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئەندام و مەڵسوڕاوی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و حزبی گەلمانستی کرێکاری مێژاوی بووە تاساڵی (٢٠٠٠). ئێستا وەک کەسایەتییەکی مارکسیست و نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ناسراو لەگەڵ ئەتەکدا دەژی.

فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵگەی کوردستان و سیستمی پاتریارکی ئەو هەلومەرجە نەشیاو و نەسازەی بۆ ژنان بەرپاکردووە

ساژدانی: ڕووبەر

لەم دیمانەدا بۆ ڕووبەر نووسەر و چالاکوان لەبواری ئافرەتاندا کەژاڵ حەمە ڕەشید باس لە فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات بە سیستمی پاتریارکی پێکهێنراو هەر ئەمەش وەرهێنجکی نەشیاو و نەسازەی بۆ ژنان بەرپاکردووە کە ژنان لە ئاڵۆزی دەروونی و داڕووخانی دەروونی بپارێزێت.

ڕووبەر : بۆچی ئافرەتان هێندەی بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان خەریکن، هێندە کار لە بواری سیاسەتدا ناکەن؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: بێگومان مەبەستان لە پرسی ژنە بە شێوەیەکی دیاریکراو. ڕۆشنە کە پرسێکی کۆمەڵایەتی کە ئەمڕۆ ژنان سەرقاڵن لە گەڵیدا و لە کۆمەڵگەو ناوەندە سیاسییەکانیشدا جێگیرتووە، پرسی ژن و یاس و گفتوگۆ کردنە لەپەیوەندی بە ماف و ڕزگاری و جێگە و ڕێگەی کۆمەڵایەتیانەوە، کە بەداخەوە لەم بارەیەوە تا ئێستا ژنان لەلایەن کۆمەڵگەو دەوڵەت و دامودەزگاو یاساکانەوە مافەکانیان پێشێل دەکرێت و جێگەو ڕێگەی کۆمەڵایەتیان لە پیاوان نزمتر پێدەدرێت. بۆیە بەڕای من کارکردنی ژنان لە پەیوەندی بە مافەکانییەوە کارێکی گرنگ و سەرەکی و هەر ئێستایی هەر ژنێک، تەنانەت ئەگەر لەهەر جێگەو پلەو پایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بێت. لەم ڕووەوە "خەریک" بوونی ژنان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، هەرچەندە من وشەی خەریک بوونم پێ باش نییە، چونکە ماناکە وا بەدەستەوە دەدات کە ژنان خۆیان مەشغوڵ کردبوە یان کاتی پێ نەبەنە سەر، یان بەهەرحاڵ کەم یابەخ نیشانی دەدات، بە پێچەوانەوە ئەگینە "کارکردن، یان بەرقاڵبوون Involvement"ی ژنان بە کێشە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی خۆیانەوە، لە یەکەمینی ئەو ئەرکانەیە کە ژنێکی ئازاد و چالاک دەبێت پێی هەستێت و دەستی بۆ بەرێت، ئەم هەنگاوەش دەتوانێت بیگەیەنێتە ئۆرگانەکانی دەسەڵات و بڕیار دان و بەشداری چالاکانە لە کۆمەڵگەدا. بەتایبەتیش کە ژنان ڕۆژانە بەڕووبوون لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لە چەشنی کێشەی ژن، کێشەی خزمەتگوزارییەکان، مەسەلەی تەندروستی، منداڵان، ڕۆشنبیری، هەر بۆیەش لە مەیدانە سیاسییەکانیشدا ئەم بابەتانە هەڵدەبژێرن بۆ کارکردن لە سەریان، ئارەزووشیان لەم جۆرەکارانە دەبێت دواترش لەم بارانەوە دەتوانن سەرکەوتوبن، بە پێچەوانەی پیاوانەوە بەو هۆیەوە ئەوان وەک ژنان ڕووبەڕوو نین لەگەڵ ئەم کێشانەدا، کەمتریش دەست دەبەن بۆ پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی پێگەیان کەم نەبێتەوە، دەست دەبەن بۆ ئەو کارانەی کە بە کاری پیاوانە ناسراوە.

کار کردنی ژن لە ناوەندی سیاسیدا بەپێ کارکردن یان باوەڕ بوون بەوەی وەک ژنێک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مافی ئەوەی هەیە بەشداربێت لەبڕیاردانەکان، بە کورتی باوەڕ بوون بە کێشەکەی خۆی "کێشەی ژن"، کارێکی بێئەندازە و ئەگونجاوە لەگەڵ ئەو جۆرە لە پلەوپایە. هەرچەندە بەڕای من کارکردنی ژن لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا لە جومگەکانی بڕیاردانەدا، یان بـا بڵێین لـە دەوڵەت و پەرلەماندا تەنانەت ئەگەر ڕێژەیەکەی تایبەت نەبێت بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانەوە، دەبـێ لـە کۆمەڵگەی ئێمە چالاکوانەکانی ژنان زۆر کەم دابنرێو لـە مافەکانی ژنان زۆر کەم بایەخ بدرێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو کارانەی کە بە کاری پیاوانە ناسراوە، ئەوان بە تەواوی بەشداری تێدا بکەن، بەڵکو پێویستە ژنان لە هەموو بوارەکاندا بەشداری چالاکانەیان هەبێت، بەڵام ئەگەر بە ڕوونی باسی ئەو بوارانە بکەم کە پێویستە ژنان بەشداری تێدا بکەن، ئەوا دەتوانم بڵێم کە ژنان دەبێت بەشداری چالاکانەیان هەبێت لە بواری سیاسەتدا، بەتایبەتی لە بواری بڕیاردان و دانانی ستراتیژی و سیاسەتی گشتی و بەرنامەکانی گەشەپێدان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هتد.

دیمانەوێت بڵێنە بواری سیاسی و لەم ڕێگەیەوە بگەنە جومگەکانی بڕیار، ئایا ئەوە ئیشکاڵ نییە بۆ پرسی ئافرەت؟

کەژاڵ حەمە ڕەشید: لەم بارەیەوە ئەگەر بڵێین (ژۆر کەم دەیانەوێت) ئەوە پێم وانییـە کە ژنان خۆیـان نەیانەوێت، بەڵکو ئەوە ڕیگریە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانە کە ڕێگـرن لەبەردەم بەشداری ژناندا لە بواردا سیاسـییەکاندا. لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێشـتا هەرەخەنگ و هێنتەڵـتی کۆمەڵگە لە ئاستێکدا نییە کە ژن بە پلە دوو بێدەسەڵات و لاوازسـەیر نەکەن، یان ئاسان بێت بۆی و پێـی وابێت ژنان دەتوانـن بڕیاردەرین و کۆمەڵگە بەڕێوەببەرن. ئەم بۆچوونە بەرامبەر بـە ژن هەڵبەت فەرقی کـردووە و چوونە سـەرووتر، بەڵام هێشـتا ئـەو تێڕوانینە بەرامبەر بە ژن هێنتەڵتییەکی سـتاندارد لە خێزانەکانەوە هەتا دەگات بە دەسـەڵات و پەرلەمان و جومگەکانی بڕیاردان. هەرەخنگ و نەریتی تا ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان و سیستمی پاتریارکی ئەو هەلومەرجە نەشیاو و نەسازەی بۆ ژنان بەرپاکردووە کە ژنان لە ئاڵۆزی دەروونی و داڕووخانیی و بێئومێدیدا بژین. کوردستان بەکێک لەو ناوچانەی دنیایە کە بە خۆسـووتاندن و خۆکوشـتنی ژنان ناسراوە. ((Self-Immolation بۆیە ئاسـان نییە بۆ ژنێک کە پێش ئەوەی بیر لە بەشـداریکردن لە دەوڵەتدا بکاتەوە بیر لەخەباتی خۆی نەکاتەوە بۆ ڕزگاربوونی لە بێ مافی و چەوسانەوە. ڕێگریە کۆمەڵایەتییەکان لە بـەردەم ژناندا زۆرن، بـۆ ئەوەی ژنێک بڕیار بدات لە مەیدانی سیاسیدا کار بکات لە یابەتی کاری پەرلەمانی، ئەبێت پێش وەخت توانیبێتی کێشەی پەروەردەکردنی منداڵەکانی و ئەرکەکانـی هاوسـەرێتی و کارەکانـی خێزان و بەکورتی تەنانەت سازکردبێت تا بتوانێت بڕیار بدات لەسـەر چوونە مەیدانی سیاسـییەوە، لە کاتێکدا ئەمانە هیچ کات کێشـەو مەشـغەڵەتی پیاوێک نییە. بۆیە بڕیاردانی ژن لەم بارەیەوە کارێکی سەختە. لە ڕووی ئابووریەوە، هەژاری و دانەمەزراندی ژنان لەسەرکار، بێکاری، پێگەیەکی نزمیدەاوە بـە ژنان و ئەمەش ڕێگریەکی زۆر گەورەیە لە بەردەم ژناندا بۆ بەشداریکردنی سیاسیان. تەنانەت ئەو ژنانەی کە لە مەیدانی پرسـی ژنانـدا کار دەکەن زۆربەیان وەک خۆیەخش کارەکەن و هیچ سـەرچاوەیەکی داراییان نییە. کە بـە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا دەبێت پشتیوانی تەواوی ئابووری ژنانی فیمینیست و چالاکوانانی بزووتنەوەی فیمینیستی بکرێت تا کارەکانیان بەرنە پێش و بتوانـن بەردەوام بـن و دواتریش بتوانن بەشداری مەیدانی سیاسی بکەن. ڕاستیەک هەیە ئەویش ئەوەیە ژنانێک کە لە پەرلەمان و ناوەنـدە سیاسـییەکاندا دەتوانن کارەم بن ئەو ژنانـەن کە لـە ڕووی ڕاهێنراوییەوە سەربەخۆن و پشت بەستوو بەهێزن. ئەگەر باس لە ڕێگریە سیاسـییەکان بکەین، ئەوا بـە بۆچوونی من لە دەوڵـەت و پەرلەمان و هەروەها پارتە سیاسـییەکان پێستویانی جددی کێشەی ژن نەبوون تا ئەتمۆسفێرێک لـە بیروبۆچوونی مەدەنـی و باوەڕبوون بە ئازادی و یەکسـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان و پیـاوان بهێنێنە ئاراوەو سیسـتەمی پاتریارکی ڕسـواکەن و نەریت و کولتووری بـاو و دواکەوتـووی کۆمەڵگە بـە پیرۆز ڕانەگیرێـت. ئەمە ئەگەر دەوڵەت و پەرلەمان ئـەم کارانە ناکات یـان یارمەتی دەر نەبێە، بەڵکـو ئەوە پەرلەمان خۆی بوو کە دەنگی دا بە هێشتنەوەی یاسای فرەژنی کە بەبڕوای من ڕسـوایی‌یەکی گـەورەو دواکەوتوویی‌یەکی شـەرم هێنەرە بۆ هەر دەسەڵاتێک لەمرۆدا. شانۆی سیاسەتکردن لە کوردستان تا ئێستا لە دەستی پیاو دایەو ئەوان بااڵیان کێشاوە بەسـەریدا، فۆرمـی یاسـاکان دادەڕێژێن، هەمـواری دەکەن، بڕیاری لەسـەر دەدەن، تەنانەت فۆرم و ڕێکخسـتنی ژیانی سیاسی بەپێی سـتایەڵی ژیانی پیاوەو چۆن لەگەڵ ئەواندا بگونجێت بەو شێوەیە ڕێکەخرێت. ڕەنگـە یەکێک لـە ڕێگریـەکانـی بەردەم بەشداری ژنان لە مەیدانی سیاسیدا ئەوەبێت کە لەگەڵ سـتایڵی ژیانی ئەواندا نایەتەوە. ئەم هەیمەنە پیاوانەیە لە دەسەڵاتدا لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە جورێکە و باوەڕیەخۆیوون لە ژناندا لاواز دەکات.

ئـەوەش کە ئەمـڕۆ لە پەرلەمانـدا ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن زیاد دەکات کە بۆ مەسەلەو پرسـی ژن خاڵێکـی پۆزەتیفە بەشـێکی هەگبەتێوەو بۆ گەشە و هەنگاوی کۆمەڵگە بەرەو سـێکیوڵەریزم لە لایـەک، لەلایەکی تریش فشاری نێودەوڵەتی. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئیشـکاڵەکە لە خودی کۆمەڵگەو سیسـتمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدایە، نەک نائامادەیی ژنان.

ڕووبەر : لە ناو ژنـە پەرلەمانتارەکان کە لە خولی‌ئەم جارەدا ڕێژەیان‌گەیشتووەتە (٢٣٪) کەمترینیان چالاکانـی بواڕەکانی ئافرەت بوون، ئایا بۆ؟

کەژاڵ حەمە ڕەشـید: وەاڵمی ئەم پرسیارە لە ٢ خاڵدا کورت دەکەمەوە: ١-بەو هۆیەوە کە پارتە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان تەبیعیی ڕاسـتەقینە لە ماف و کێشەکانی ژنان ناگەن بەتایبەتی لە ڕووی پراکتیکییەوە، بۆیـە چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان کەمیان ئەندامانـی پارتێکی سیاسـین. ٢-پارتە سیاسییەکان لەڕاسـتیدا خەمخۆری تەواوی مەسـەلەی ژنان نین، بۆیـەش کەمترینیان کاندیدیان هەبووە لەسەر بنەمای چالاکبوون لە مەیدانی پرسی ژندا.

ڕووبەر : ئەوایێت ئایا لە دەرگەدانی باسـا و مەموارکردەنەی یاسـاکان، ئەو ڕۆژە بەرەو لە ژنان لە خولی سێیەمی پەرلەمان، چی بۆ نۆخی ئافرەت دەکەن؟

کەژاڵ حەمە ڕەشـید: بوونی ئەو ڕێژەیە لە ژنـان لە پەرلەماندا بە هـەر مانایەک بێت، خاڵێکی پۆزەتیفە. ئەم لە مەیدانـدا بوونەی ژنـان لە ناوەندە باڵاکاندا هێز و توانا نەدات بە ژنانـی کۆمەڵگە لە بـاری مەعنەوی و بـاوەڕ بەخۆبوونەوە. چونکـە ئەوان ئەگەر پشـتیوان و خەباتکاری جددی کێشەکانی ژنان نەبـن لە پەرلەماندا، ئـەوا لانی کەم ناتوانێ دژایەتی بکات، سەرئەنجامیش ئەوان بەشێک دەبن لەو کوتلەیەی کە دەنگ نادات بە یاسایەکی وەک فرەژنی. لێرەدا بۆئەوەی تێگەیشـتنی هەڵە دروسـت نەبێت، ئەوە ڕوونکەمەوە کە من وەکو خۆم خۆشـحاڵم نیـم بە ژنانی تاو پەرلەمـان و بە ڕایەڕانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ژنانیان نازانم، بەڵام بەڕێزبوونـەوەی ڕێژەی ژنان لـە پەرلەماندا ئەگەر هیچی نەکردبێت، لانی کەم هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی هەیمەنەو مۆنۆپلی پیاوانەی پەرلەمان. بەڕای من سـتراکچەری سیاسی پەرلەمان و ئۆرگانە سیاسییەکانی دەوڵەت لەسـەر بنەمـای جێندەری ڕۆڵـی زیاتر و کاریگەری گەورەتر دادەنێت لەسـەر بەرەو پێشوو پاشـەردنی کێشەی ژنان، پێویستە لـە پەرلەمانـدا خەباتکاری سەرسـەختی بزووتنەوەی ژنان نوێنەرایەتی کێشـەکانی ژنان و پرسـی ژنان بکات تا لە دەرکردنی یاسـاو هەموارکردنەوەدا بـە قازانجی ژنان کاریگەر بن.

بێ ئـاوی بەڕۆکی بەر نادات

ڕانیە لە چاوەڕوانی تەواوبوونی پرۆژەی ئـاوی دەربەندایە

شاسوار مامە

پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە وابڕیاربوو لە مانگی ١١ی ٢٠٠٧ تەواو بکرێت کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەرووبەری سـلێمانی بوجەیەی بە بڕی (١٨،٥٠٠،٠٠٠) هەژدە ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلار بۆ تەرخان کرابوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢ ساڵ تاکی ئێسـتا ئەو پرۆژەیە تەواو نەکراوە، لە کاتێکدا کێشەیەکی سەرەکی ناخۆشترانی ڕانیە و دەربەندی کەمی شـاوە، دواکەوتنی پرۆژەکە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا نیگەرانی هاوڵاتیانی شاری ڕانیەی لێ کەوتۆتەوە.

خەلیل عەلی پێتویلە بێتبەرنامەیی و دیزاینی فاشـڵ و پرس نەکردن و لێکۆڵینەوەی پێشـوەخت، ئەوانە هەموی هۆکاریبوون بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بەو دەردە بچێت کە بەهیچ تەولو نابێت و کەسیش نازانێت کەی تەواو دەبێت، وتیشی "ئەو دیزاینەی بۆی دانڕابوو، دەبوایە نیشانی کەسانی شارەزای ناوچەکە بدرایە پێش جێبەجێکردنی، بەڵام ئەوە نەکرا". خەلیل عەلی ئاماژەی بەوەشکرد کە بەڕێوەبەری حکومەت ژۆر دڵنیابوو لە پرۆژەکەی ژۆرتەوە و کە لە کۆتاییشدا دەرکەوت کە ژۆر ناتەواوە، ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت ژۆر لەخۆی ڕازیبوو لە سەرکەوتنی پێشوەختی پرۆژەکە، بەڵام گەر پرۆژەکەش تەواوبێت ئایا لەکوێوە ئەو پرۆژە زەبەلاحە دەبەستەوە بە تۆری ئاوی ڕانیەوە؟

ئیبراهیم عەزیز وەک هاووڵاتییەکی شـاری ڕانیە پێتویلیە پرۆژەی ئاوی دەربەند وەک ژۆربەی پرۆژەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان پرۆژەیەکی سەرنەکەوتوو بووە. وتیشـی "ئەم پرۆژەیە لە لایەکەوە لە وادەی دیاریکراوی خۆی تەواو نەکرا، لە لایەکی دیکەوە هەڵەی گوشـنەدەی ئەندازیاری تێدا کراوە، چونکە وەک ئاگادارین ئێستا ئەم پرۆژەیە ناتوانێت بەو شێوەیەی کە بڕیاربوو بدرێت و پێویستی بەوە هەیە کە سـەرلەنوێ چاک بکرێت. ئەوەش هەموومان دەزانین کە پـارەی دیکەی دەوێت و پێویسـت دەکات بودجەی دیکەی بۆ تەرخان بکرێت". ئیبراهیم ئاماژەی بەوەشدا پێویسـتە حکومەت سەر لەنوێ بەو گرێبەسـتەدا بچێتەوە و بە زووترین کات پرۆژەکە بگەیەنێتە کۆتایی، چونکە هەموومان دەزانین کە وەرزی هاوین لە بەردەمایە و کێشەی کەمئاوبوونی لە پارسـاڵ پێدەچێت زیاتر دەبێت.

کەماڵ عەلی وەک گەنجێکی شارەکە دەڵێت نیگەڕانم لە دواکەوتنی پرۆژەکە، چونکە ئەوبایە چەند ساڵێک پێش ئێستا تەواو بکرایە، وتیشی "لە کاتێکدا بەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ڕانیە، کەمئاوبوونە. ئەو پرۆژە ستراتیژیە تەواو نەکراوە"، کەماڵ وتیشی "بەداخەوە کاتێک کۆمپانیای جێبەجێکار پرۆژەیەک وەردەگرێت و هەڵەی تێدا دەکات و ناتوانێ تەواوی بکات، حکومەت لەجیاتی سزادانی کۆمپانیاکە ماوەی پرۆژەکە درێژ دەکاتەوە". ئەو گەنجە داوای لە حکومەت کرد پەلە بکرێت لە تەواوکردنی پرۆژەکە.

لە لێدوانێکیشیدا بۆ ڕووبەر سەبارەت بە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە محەمەد ڕەسوڵ مراد بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی ڕانیە ئاماژە بەوە دەکات دوای دەستپێکردنی پرۆژەکە گۆڕانکاری لە نەخشەی پرۆژەکە کراوە و چەند لایەنێکی بۆ زیاد کراوە، ئەوەش پێویستی بە بودجەی زیاتر هەبووە لەوەی سەرەتا بۆی دیاریکراوە، بۆیە بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویسـت پرۆژەکە دواکەوتووە، وتیشی "ئێسـتا بودجەی پێویست تەرخان کراوە و وابڕیارە لە مانگی ٧ی ٢٠١٠ تەواو بکرێت".

ئەندامی بۆردی سەربەڕشـتیاری ئەندازیاری پرۆژەکە، (ئەندازیار دڵشاد بەکر سااڵح) ڕایگەیاند بەڵەوەی دوو ئیدارەی حکومەتی هەڕێم پەکبگرێتەوە، سااڵی ٢٠٠٢ وەفدێک لە وەزارەتی شـارەوانی ئیدارەی سلێمانی سەردانی دەربەندی ڕانیەیان کرد، کەوکاتە ئاوی دەربەند ژۆر بوو، ئەو وەفدە شـوێنێکیان دیاریکرد بۆ دەرهێنانی ئاوەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە چەند سـاڵی ڕابردوو ئاوی دەربەند ژۆر کەمی کردووە و وەک ڕووبار ماوەتەوە، ئاتوانرێت ئاوەکە لەو شوێنە دەربهێنرێت، دڵشاد وتیشی "ئەو وەفدە بیریان لەوە نەکردووەتەوە هەمیشە ڕێژەی ئاو لە بەرزی و نزمیدایە، بەهۆی ئەو هەڵەیەوە کە وەفدەکە کردیان لە دیزاینی پرۆژەکە، تاکو ئێستا پرۆژەکە دواکەوتووە"، ئەو ئەندازیارە ئاشکرای کرد ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەرووبەری سلێمانی دیزاینەکەی گۆڕیوە و ئەوجارە لەلایەن زانکۆی سلێمانی دیزاینێکی دیکە دانراوە و (٣)ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ پرۆژەکە زیادکراوە، دڵشـاد بەکر ئاماژەی بەوەشکرد زیادکردنی بودجەکە بە گشتی پەیوەندی بە شێوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکەوە هەیە، ئەو شێوازەی ئێستش جیاوازە.

سەبارەت بە بەستنەوەی پرۆژەکە بە تۆری ئاوی ڕانیە و جوارقورنە و حاجیاوا و وابڕیارە سەرکەوکانیشـی بۆ زیادبکرێت. ئەندازیار دڵشاد بەکر سااڵح وتیشی "بۆ بەستنەوەی پرۆژەکە بە تۆری ئاوی ڕانیە و ناحیەکان پێویسـتە فەرمانگەی ئاوی ڕانیە پرۆژەکە بداتە نووسینگەیەکی ئەندازیاری، چونکە فەرمانگەکە توانای ئەو پرۆژەیەی نییە بەهۆی نەبوونی ئەندازیار". دڵشـاد ڕاشیگەیاند بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە ماوەی ساڵێکی دیکە درێوەتەوە کۆمپانیا و ئەگەر بەباشی مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکە بکرێت، لەو ماوەیەدا تەواو دەکرێت. پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە پرۆژەیەکی ستراتیژی و پێویستی دەفەرەکەیە و بەجێبەجێکردنی لە دەربەندی ڕانیەوە ئاو دەگوازێتەوە بۆ هەژای ڕانیە و ناحیەکانی چوارقورنە و حاجیاوا و سەرکەپکان.